www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 29-5-2006 22:35

## تێڕوانینێک بۆ چەمکی ئازادی ... مەلا تەحسین شێخانی



ئازادی وەك بەخششێكی خودای گەورەترین وپیرۆزترین ووشەیە كە مرۆڤ بەتەواوی ئایدیاو بیروبۆچون خوازیاری دەستەبەر كردنیەتی لەژیان دا، چونكە ئازادی مانای ژیانە، مانای هەست كردنە بە سەربەستی، مانای هەست كردنە بەئاسوودەی وبەختەوەری، ئێمەی گەلی كورد هەموو ئەو خەبات وبەرخوودانەی پێشكەشمان كردوە و قوربانی گیانی ومالّی لەڕادەبەرمان لەو پێناوە داوە، ئامانجی یەكەم وكۆتاییمان چ شتێك بووە بێجگە لە ئازادی، كە رووبارێك خوێن، چەندین سالّ ئاوارەی، ململانی وبەرەنگاربوونە لەدژی گەورەترین ستەمكار، لەبەرامبەریش دا پیلانی دەولّەتانی خاوەن چوار پارچە بووی كوردستان، بەتایبەت ڕژێمی ڕوو خاوی یّدام، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو كە بەئازادی بژین وبەئازادیش سەر بنێینەوە، ئێستاش دوای ئەوەی كە توانرا، تەقدیری خوا وا بوو بەهیمەتی بازووی جەماوەرو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەكان دوای ئەو گۆرنكاریە ناوچەیەی لە ڕۆژهەلاّتی ناڤین دروست بوو، سوپاس بۆ خوا بەقازانجی ئێمە تەواو بوو، وا لەوولاّت ونیشتمانی خۆمان هەست بەنیمچە ئازادیەك دەكەین، بەلاّم ئاخۆ ئەم ئازادیەش قووربانی و كەلّێن وكێشەی بۆ دروست نەكردوین؟؟ ئەمەش بەو مانایە نا كە ئازادی كێشەبێ بەلّكۆ ئێمە خۆمان زولّمان لەئازادی كردبێ و گوێمان بەسنوورەكانی نەدا بێ، بەشێوەیەك ئازادی كەسانی تریشمان پێ شێلّ كردبێت، بەمانایەكی تر لەپالّ ئازادی ڕێز گرتن وپاراستنی ماف ورەچاوكردنی یاساو دابوونەریتی دروست وكەلتورو ڕێسای تایبەت بەئازادی هەیە، ئایا گوێیان پێ ئەدەین؟ پاشان خۆ ئەبێ پەروەردەو تێگەیشتنی دروست هەبێت بۆ ئازادی، ئەبێ لە ڕەهەندو لایەنی تەواوی ئازادی ژیانی خۆمان بدۆزینەوە، ئەمە چ جۆر بالانس وئازادیەكە كە تەنها بۆ تۆ بێ و منیش تەنها مەدحی بكەم وبەسەری هەر بلّێم؟ ئاخۆ ئەو ئازادیە جوانەی ئێستا تاكەكانی ڕۆژئاوا لەسایەی دا هەست بەبوونی خۆیان دەكەن هەمان ئەوو ئازادیەیە كە ئێمە هەمانە؟ یاخوود ئازادیش شێوەو جۆری هەیە؟ لەكوردستانی خۆمان وەك چۆن تەواوی یا بلّێین زۆربەی چەمك و ووشەكان، كاتی پێناسە ئەكرێن یا لێكدانەوەیان بۆ دەكۆرێت بە رووكەشی یا جزئی یا بلّێین بە شێلووی مامەلّەیان لە تەك دەكرێت، یەكی لەم چەمك ومانایانە (ئازادی) یە كە هەم تێگەیشتنی جیاواز هەیە بۆی (كە ئەمە شتێكی باشە) هەمیش بە مەتاتی و یەك لایەنە مامەلّەی لەگەلّ دەكرێت، كاتی بۆیەكەم جار لەخزمەت ماموستایەكی قووتابخانە سەرەتایەكەم ئاشنا بووم بە ووشەی ئازادی، ئەمیش لەڕێگەی تەنها یەك دوو دێر لە هۆنراوەیەكی شاعیری گەورەی گەلەكەمان حاجی قادری كۆیی كە دەفەرموی

مەلـێك فێرە دارستان ولـێڕ بێت

قەفەس پیری دەكا با شووی لەزێر بێت

ئەو كات ئەگەرچی زۆر باش لێی حالّی نەبووم، بەلاّم زۆر هەستم بەشادی كرد چونكە وام هەست دەكرد بەئاشنایەتیم لەگەلّ ئەم ووشەیە تازە لەدایك دەبم، هاوكات لەگەلّ ئەمە كاتی بیر لە ڕۆژگاری ئیمڕۆی خەلّكی كوردستان دەكەمەوە، پێم وایە هێشتا ئێمە هەم قیمەتی ئازادی نزانین هەمیش پێویستمان بەجارێكی تر شی كردنەوەی ئەم چەمكە هەیە، چونكە تا ئێستا زۆرێك لە ئێمە وا ئەزانین ئازادی واتە گوێ نەدان بە هەرچی ڕێساو بنچینەو بنەمای كۆمەلاّیەتی هەیە، تەنانەت زۆر جار بەشێوەیەكی ڕەها حوكم بەسەر ئازادی دەكەین بێ ئەوەی ئاگامان لەخۆمان بێت خەریكە فێلّ لەخۆشمان دەكەین (دیۆرانت) دەلّێ (لەتافی گەنجیدا بایەخێكی زۆرم ئەدا بە سەربەستی وئازادی وئەموت ئامادەم لەپێناوە ئازادی وسەربەستی بمرم، بەلاّم كە پیر بووم زیاتر بایەخم بەیاسادا وپێش

ئازادی وسەربەستیم خست، چونکە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئازادی وسەربەستی لەبەرهەم وبەروو بومی یاسان) بۆیە با ئازادی وەك خۆی پێناسە بکەین، نەك تەنها هاوارکردن وبەگەورە زانین بۆمن بێت و بەرهەمەکەشی بۆ تۆ، با سنوور نەبێت بۆ ئازادی بەڵام با ئازادی لەچوارچێوە ئازادی گشتی بێت،

shekhan_diana@yahoo. com